# مانای نائاشنا، ڕووەکانی مانا
# لە دەقی (ناوەڕاستی دنیا)دا

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

هەزار کون لە پرچم بووە و
هەر سەر ئاو نەکەوتم
من دەمەوێت لە ناوەڕاستی تەمەنمدا
سەر ئاو بکەوم و
تەواوی دنیا بە ڕووتوقووتی ببینم
ژنێک ببینم لە پەنا بەردێکی بچووکی شینی تۆخ
چۆن بە دزییەوە دەستی دەشوات
پیاوێکی پیری کەترە
چۆن لە دۆزینەوەی نیگایەک دەگەڕێت
تا بە هەموو بێ تاقەتی خۆیەوە، لە کچێکی
ناسک
ناسک
بگرێت
چۆن چۆلەکەیەک لە بەر بارانێکی
زۆر
زۆر
تووڕە و تەنگاو
دانیشتووە و سەیری تەڕبوونی ژیان دەکات
چۆن مێروولەیەک
کەشتییەک گەنمی
سوور و سپی بارکردووە و بەرەو زستان دەڕوات
چۆن لە تەنیشت کاتژمێرێکی غەمگین،
تف هەڵدەیت وشک دەبێتەوە
سەبەتەیەک پرتەقاڵ دانێیت، دانەیەکی نامێنێت
پێنج کیلۆ ئاگر دانێیت، بەشی دوو خولەک ناکات
چۆن پیرەژنێک، بە تەنەکەیەک و گەسکێک
بە دوای مانگاکەی کەوتووە
قل
قل
تەپاڵە هەڵدەگرێتەوە،
بۆ داگیرساندنی تەندوورەکەی.
هەزار کون لە کراس و بیجامەکەم بووە و
کەچی هەر سەر ئاو نەکەوتم
من دەمەوێت کاتێ دنیا خەوتووە
لە پڕ سەر ئاو بکەوم و
دنیا ئاگای لە من نەبێت، کاتێک سەیری دەکەم
لە غافڵەتەوە سەرم لە ئاو دەربێنم و
بڵێم: ئەوە خەریکی چیت ئەی دنیا ؟
بۆچی ئاگات لە کۆنەکردنەوەی هەور و
تووڕەبوونی خەوی سپێدان نەماوە ؟
بۆچی قرچە قرچی درزی شەقامی ئیمام نابیستیت؟
بۆچی قۆڕە قۆڕی سکی تەنیاییم



تەیب قادر

بە نێو لەپەکانت، لە گوێچکەکانت دوور دەخەیتەوە؟
ناترسیت من بڕژێم و
هەموو کۆشت پیس بکەم؟
ناترسێی لە ڕقی دانەگیرسانی گڵۆپێکی شەوت
چاوم بکوژێنمەوە و
ئیتر هەموو تەمەنت،
خەریکی دەست ڕاکێشانی من بیت؟
هەموو تەمەنت،
بە دیار نینۆک کردنی من بەسەر ببەیت؟
ئاخر کەی لێکردنەوەی هەنجیرێکی نارنجی،
لە بەژنی دنیا بە دڵی خۆت تاوانە؟
هەزار کون لە سەرە پەنجەکانم بووە و
کەچی هەر سەر ئاو نەکەوتم
من دەمەوێ تاک و تەنیا نا ،
دەستەکانم لەگەڵ قاچی ماسییەکی
گەرم
گەرم
بئاڵێنم،
پێیەکانم
تێر
تێر
لە سینگی پیاسەیەکی
نەرم
نەرم
بخشێنم،
بیسەلمێنم گرتنی مانگ لە نێو ئاودا سەراب نییە
ببینم ئاو بە ڕووتوقووتی،
بە پێ خاوسی،
بە سەر جەستەی پەرداغێک دێتە خوارەوە.
هەزار کون لە دەم و لووتم بووە و
کەچی هەر سەر ئاو نەکەوتم
هەموو ڕۆیشتنە قورسەکانم و
کۆشکە
سپی
سپییەکانم و
گیرفانە
زل زلەکانم فڕێ دا
ددانی پشووە دووورودرێژەکانم دەرهێنا ،
پێڵاوە
پڕ
پڕ
لە سەفەرەکانم لە پێ کردەوە،
کەچی هەر سەر ئاو نەکەوتم.
هەزار کون لە هەناوم بووە و
کەچی هەر سەر ئاو نەکەوتم،
من دەمەوێت سەر ئاو بکەوم و
بە ڕووتی خیانەتی بۆقێک ببینم لە مێردەکەی،
خیانەتی کەرێک ببینم لە ژنەکەی.
هەزار کون لە ڕۆیشتنم بووە و
کەچی هەر سەر ئاو نەکەوتم.
من نامەوێت لە ژێر ئاودا مۆر مۆر بچمەوە،
من نامەوێت کەفی سەر پەرداخێک ئاو،
باسی دنیام بۆ بێنێت،
من دەمەوێت،
خۆم
دنیا ببینم،
خۆم
بە چاوی دەستم و
بە پەنجەکانی چاوم.
من بۆیە دەمەوێت سەر ئاو بکەوم
تا ناوەڕاستی دنیا ببینم.

"کۆمەڵە شیعری مرۆڤێک لە نزیکمانە، تەیب قادر، چ١، ٢٠١٧، ل١٧"

## سەرەتا

لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم، ڕێبازێکی زمانەوانی دەرکەوت، کە هەندێک لە زمانەوانان بە (بەرەو دەق) و هەندێکی دیکە بە (زمانەوانی دەقگەرایی) ناویان دەبرد، ئەو ڕێبازە لێکۆڵینەوەی لە بارەی بنیادی دەق و چۆنێتی سەرقاڵبوونی دەقەوە دەکرد، چونکە پێی وابوو دەق هەر تەنیا بە دوایەکداهاتنی کۆمەڵێک ڕستە نییە، بەڵکو یەکەیەکی زمانەوانی جۆرییە، خەسڵەتی بنەڕەتی هاوگونجان و هاوپەیوەستبوونە، هەر لە سەر ئەو بنەمایەش (دەقی ئەدەبی) شانۆیەکی کراوەیە بۆ ئاوێتەبوون و تانۆپۆی نێوان سێ بوون و سێ ستراتیژ و سێ دەق.

دەقی ئەدەبی دەکەوێتە نێو زمانەوە، زمانیش بۆخۆی کۆمەڵێک یاسای ناوەکی بەڕێوەی دەبات، هەموو یاسا و ڕێسایەکیش لە دەرەوەی ویستی داهێنەرەوەیە، هەمیشە داهێنان لە سەر تێپەڕاندنی یاسا و ڕێساکان کار دەکات. بە بڕوای من لە شیعری نوێی کوردی و شیعری دوای ڕاپەڕین، چەمکی ئازادی بە مانای شیعرێک دێت، کە بیر لە واتای کات و بنەما ئایینییەکان و فەزای ئایدیۆلۆژیا ناکاتەوە، شیعری دوای ڕاپەڕین لە هەڵاتن لە ژیانەوە دەست پێدەکات، نەک لە سەرەتا و کۆتایی دیارەوە.

بێ گومان دەقی ئەدەبی دەکەوێتە نێو زمانەوە، بەڵام دەقگەرایی ئەو مەرجەیە کە دەبێ دەقێک ڕێک دەقێکی دیکەی هەبێ، دەقی بەرهەمهێنراویش هەمیشە دەقی خوێنەرە، خوێنەری دەقگەرا لای (ڕۆلان بارت ١٩١٥-١٩٨٠)(١) خوێنەری هیدۆنییە و بەپێی ئارەزوو و شارەزاییەکانی خۆی دەق دەهێنێتە گۆ، خوێنەری دەقگەرا لە چێژەوە قسە لە هەڵوەشانەوە و دووبارە بنیادنانەوە دەکات. لێرەدا هەڵوەشانەوە لە چێژەوەیە، هەڵوەشانەوە مەیلێکە لە سەر نەفیکردن و ڕەتکردنەوە ڕادەبێتەوە، مەیلێک کە نکوڵی لە هەموو حەقیقەتێکی جێگیر دەکات!

دەقی (ناوەڕاستی دنیا)ی تەیب قادر، دەقێکی ئەبستراکتە و هێزی خۆی لە (دواخستن و پێشخستن) و (ڕەمز) و (هەست) دەبینێتەوە، شێوازی دارشتنی ستوونییە و دەنگ و تیشکی وشە بە ستوونی دادەبەزێت، لە دەقی ئەبستراکت وشەی ڕووت و ڕەمزئامێز بایەخێکی گەورەتری لە وێنەی هونەری شیعری هەیە، دەقی ئەبستراکت هیچ گوتارێک بەرجەستە ناکات، بەڵام لە ڕێگای دیالۆگەوە جووڵە دەخاتە دەروونی خوێنەرانەوە، بە پێشخستنی مانای نائاشنا و دواخستنی مانای ئاشناوە دەرگایەکی نوێ بۆ خەیاڵ دەکاتەوە، گۆشەیەکی دیکەی جیاواز بۆ بینینی ڕووەکانی مانا والا دەکات. بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردن و جێبەجێکردن پشت بە بیرکردنەوە و هەست و خەیاڵی خوێنەران دەبەستێت! وەک چۆن بە پێشخستنی مانای نائاشنا خوێنەران لە هەژموونی ئایدیۆلۆژیا ئازاد دەکات!

## مانا و مانای نائاشنا

لە ئینسکلۆپیدیای (لالاند) هاتووە، مانای وشە، یان دەستەواژە، زێتر ناوەرۆکێکی دەروونی ئاڵۆزی هەیە، مانا بەرهەمی هەڵوێست و جووڵەی فیکرییە و پێوەندی بە بیرکردنەوەی تاک و مەعریفەی تاک و نموونە و میتودە جیاوازەکانەوە هەیە!(٢) سەرەڕای ویستی قسەکەر و ئاستی تێگەیشتنی گوێگر و هەستی تێگەیشتنی گوێگر، مانا پێوەندی بە هێزی یادەوەری و وێنە و نیشانە جیاوازەکانی دیکەوە هەیە، پێوەندی بە ئاگامەندی و پێوەندییە دیاریکراوەکانەوە هەیە.

لە سەرەتادا فریگە(٣) و هۆسرەڵ(٤) و ڕاسڵ(٥) لە سەر هەمان بیرکردنەوەی (ئەفلاتوون)(٦)، یان بەلای کەمی لە وێناکردنی بوونی بابەتخوازی مانا نزیکبوون و پێیان وابوو مانا بابەتخوازی و ئایدیالییە پێوەندی بە ناوەرۆکی عەقڵییەوە نییە، وەک چۆن پێوەندی بە نیشانە زمانەوانییەکانەوە نییە. بۆ نموونە مەبەستگەری، یان (نیازخوازی- Intentionality)(٧) هۆسرەڵ پێوەندی بە بابەتگەرایی ماناوە هەیە نەک عەقڵ.

کەواتە بەشێک لە تێگەیشتنی زمانەوانان ئەوەیە، کە مانا هەر تەنیا بە وشەوە پەیوەست نییە، هەر تەنیا بە قسەکەرەوە بەند نییە، هەر تەنیا بە گوێگرەوە نالکێ، دروست بوونی مانا لە دەستاودەستکردندایە، بەڵام قسەی بەشێکی دیکە ئەوەیە، کە تێگەیشتن و مانا هەردووکیان عەقڵ بەرهەمیان دەهێنێ، هەردووکیان

وێنەی عەقڵێن، ئەگەرچی لە نێوانیاندا دەلالەت دەگۆڕێ، یان دەکەوێتە سەر لایەنی بەرپرس! ئەگەرچی مانا بە گوتراوەوە دەلکێ و تێگەیشتن لە عەقڵەوە دێتە بەرهەم، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە تێگەیشتن لە مانا دابڕاوە ، هەروەها بە هیچ جۆرێک بەو مانایە نییە، کە مانا لە عەقڵ دوورە.(٨)

بە دیوەکەی دیکەش مەرج نییە نائاشنایی مانا و ڕووە جیاوازەکانی مانا وەک پێویست پرسیاری نوێ دابهێنێ، وەک چۆن دەشێ بە خوێندنەوەی خوێنەری جیاواز پرسیارە کۆنەکان نوێ بکەینەوە، لێرەوە دەمەوێ بڵێم ئەوەی مانای نائاشنا دەیکات گێڕانەوەی گومانە بۆ ڕووە ئاشناکانی مانا، ئەوەی مانای نائاشنا دەیکات دروستکردنی جووڵەیەکی پێچەوانەیە لە سیستەمی چەسپاوی زماندا، ئەوەی مانای نائاشنا دەیکات، دانانی نارێکییە لە بەرانبەر ڕێکیدا. دوا قسەم ئەوەیە، مەرج نییە پەیڕەوکردنی (دواخستن و پێشخستن) و (ڕەمز) و (هەست) لە دووتوێی دەقدا پرسیاری نوێ بخاتەوە، بەڵام مەرجە جووڵە بێ، لە بەرانبەر چەسپاندا، هونەر بێ، لە بەرانبەر سیاسەتدا، گومان بێ، لەبەرانبەر بروادا.

**هەزار کون لە پرچم بووە و**
**هەر سەر ئاو نەکەوتم**

ئەوەی ئاشنایە نقومبوونی جەستەیە بە هۆی پڕبوون بە ئاوەوە، بەڵام نائاشنایی لە پێچەوانەکەیدایە، نائاشنایی لە کونبوونی قژ و سەر ئاو کەوتنە بە هۆی کونبوونەوە، پێوەندی نێوان سەر و غەرقبوون، پێوەندی ژیان و مردنە، پێوەندی ئاشنابوون و نائاشناییە، پێوەندی نێوان ڕووناکی و تاریکییە، دەمەوێ بڵێم چیرۆکی دەقی (ناوەڕاستی دنیا) لە سەر جۆرێک لە چوونە نێو تاریکییەوە دروست بووە، لە سەر جۆرێک لە چوونە نێو مردنەوە بنیاد نراوە. (تەیب قادر) دەیەوێ بە خەیاڵی خۆی تاریکی و مردن بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەگەری جیاواز بخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگای خەیاڵەوە مانای ئاشنا و دوا ڕاستی و بیرکردنەوەی چەسپاو بخاتە ژێر پرسیارەوە!

ئەو قەسیدەیە لە نائاشنایی و مردن و تاریکییەوە دەست پێدەکات، لەوێوە شاعیر هەوڵ دەدات پێوەندی نێوان تاریکی و ڕووناکی، مەعریفە و نەزانین، دواخستن و پێشخستن بە خەیاڵ ڕێک بخاتەوە، ئەو قسەیەم لەوێوە دێت کە مەحاڵە بتوانین خەیاڵ بخەینە دەرەوەی عەقڵ و بیرکردنەوە، مەحاڵە بە بێ هەستکردن بە دیاردەکان و نزیکبوونەوە لە دیاردەکان و تێڕامانی دیاردەکان هێزی خەیاڵ بە دەست بهێنین، وەک چۆن مەحاڵە لە ڕێگای فۆرمەکانی زانینەوە خۆمان لە نەزانین ڕزگار بکەین، لە ڕێگای فۆرمەکانی ڕووناکییەوە خۆمان لە تاریکی بەتاڵ بکەین، لە ڕێگای فۆرمەکانی ژیانەوە خۆمان لە مردن بدزینەوە. گەڕانەوە بۆ خەیاڵی ئازاد، هەرگیز گەڕانەوە نییە بۆ فۆرمێکی دیاریکراوی هەستکردن و بیرکردنەوە، گەڕانەوە نییە بۆ مەعریفەیەکی ئاراستەکراو، گەڕانەوە بۆ خەیاڵی ئازاد، بەرگریکردنە لە تواناییە لەبن نەهاتووەکان و هێزە جیاوازەکانی مرۆڤ و وزەی داهێنان.

**من دەمەوێت لە ناوەڕاستی تەمەنمدا**
**سەر ئاو بکەوم و**
**تەواوی دنیا بە ڕووتوقووتی ببینم**

کەواتە لەو قەسیدەیەدا حیکایەتی دۆزینەوەی ژیان و مەعریفەی ژیان ناکەوێتە پێش ناسینی دنیاوە، ناکەوێتە



پێش ناسینی خەیاڵەوە، دۆزینەوەی ژیان و مەعریفەی ژیان پێمان دەڵێت مرۆڤ هەر تەنیا ئەوە نییە، دەتوانێت زێتر بێت! مرۆڤ هەمیشە بە داهێنان و خەون و خەیاڵ و جووڵە و سەرکێشییەوە، پێوانە دەکرێت، ژیان و مەعریفە لە پێشمانە! تەواوی ئەو حیکایەتە پێمان دەڵێت مرۆڤ لە گەشتێکی بەردەوامی دۆزینەوەی حەقیقەتدایە:

**سەر ئاو بکەوم و**

**تەواوی دنیا بە ڕووتوقووتی ببینم**

بە دیوێکی دیکە ناشێ لە نێوان وشە و دەلالەتەکانی وشە، پێوەندییەکی سروشتی هەبێت، وشە و ڕستە وەک ڕەمز وان شتێک لە دەرەوەی خۆیان دیاری دەکەن، دەلالەت لە شتێک دەکەن، بەڵام ئەوەی شیعرییەت بەرجەستە دەکات و خوێنەری نوێ بۆخۆی دروست دەکات، هەڵبژاردنی گۆشەیەکی نوێیە بۆ تەماشاکردن، ئاوڕدانەوەیەکی جیاوازە لە هەموو ئەوەی کە هەیە، ڕێگایەکی دیکەیە بۆ بەدواداچوونی چێژ، داهێنان لە گەشتێکی بەردەوامی دۆزینەوەی خوێنەردایە، ئەو دۆزینەوە و گۆشە و ڕێگا و ئاوڕدانەوەیە، ئەگەرچی لە سەرەتادا خوێنەر دووچاری کۆسپ و تەگەرەی بە دواداچوون دەکات، بەڵام چێژێکی نوێ و جوانییەکی جیاواز و بینینێکی تازە بە خوێنەر دەبەخشێت.

**هەزار کون لە پرچم بووە و**

**هەر سەر ئاو نەکەوتم**

لە حیکایەتی ئەو دەقەدا پێوەندی نێوان هەزار کون لە پرچم بووە و هەر سەر ئاو نەکەوتم، پێوەندییەکی سروشتی نییە، بەڵکو پێوەندییەکی شیعرییە، ئەوەی پێوەندی شیعر و حاڵەتە سروشتییەکان لێک جیا دەکاتەوە، هەر تەنیا لۆجیک نییە، بەڵکو بەشێکی پێوەندی بە ڕووە جیاوازەکانی ماناوە هەیە. هەمیشە وشە واتای شتێک دەگەیەنێت هەستی پێدەکەین و بیری لێ دەکەینەوە، مانای وشە ئەو پێوەندییە کە لە نێوان وشە و شتەکانەوە هەیە! وەک دەزانین هەموو ئەوانە ئاشنابوون دەنوێنن، بەڵام نائاشنابوون گومان دەخاتە نێوان پێوەندییەکانەوە، بۆشایی دەخاتە نێوان پێوەندییەکانەوە، تەگەرە بۆ بەدواداچوون دەسازێنێ، دەشێ نیاز لەو هەموو بۆشایی و گومان و تەگەرانە شۆڕبوونەوە بێت بەرەو ناخی شتەکان، دەشێ تەماشاکردنێکی نوێ بێت بۆ ژیان، دەشێ مەعریفە و دنیابینییەکی نوێ بخاتەوە، بەشێکی ئەوەی لەو قەسیدەیەی تەیب قادر وەک دیار دەبینرێت، پەردە هەڵدانەوەیە لە سەر ناوەوە، بەرجەستەکردنی وسبەلێکراوەکانە، قسەکردنە لە کپکراوەکان:

**چۆن لە تەنیشت کاتژمێرێکی غەمگین،**

**تف هەڵدەیت وشک دەبێتەوە**

**سەبەتەیەک پرتەقاڵ دانێیت، دانەیەکی نامێنێت**

**پێنج کیلۆ ئاگر دانێیت، بەشی دوو خولەک ناکات**

سوکرات(٩) پێناسەی بیرکردنەوەی کرد، بەڵام جیاکردنەوەی بیرکردنەوە لە ئاگامەندی وەک ئەفلاتوون کردی، جیاکردنەوەی هونەر بوو لە ژیان، جیاکردنەوەی شیعر بوو لە ژیان، جیاکردنەوەی مەعریفە بوو لە ژیان، جیاکردنەوەی خودی ژیان بوو لە جووڵە و پێشکەوتن. پرسیار ئەوەیە ئایا ژیان لە جووڵە دەکەوێت، شیعر لە هەست خاڵی دەبێتەوە؟

دیالۆگی نێوان مانا و دەلالەت، زانستی بیرکردنەوە جیاکراوەکانە لە ئاوێتەکانی! بیرکردنەوە لە ئاگامەندی خاڵی نییە، ئەگەرچی وەک دوو ئاوێتەی جیاکراوە قسەیان لێ دەکرێت، بەڵام دەشێ هەندێ جار یەکتر تەواو بکەن و ڕەنگە بێ یەکتریش هەڵنەکەن، کەواتە فیکری مرۆیی هەر لە ئەفلاتوونەوە ئیشکالیەتی مانای بۆ بەجێ ماوە، لە تەواوی ئەو قەسیدەیەدا بەشێک لە مانا، یان چییەتییەکەی، یان پرەنسیبی تێگەیشتنی دەلالەتەکانی مانا، پێوەندی ڕاستەوخۆی بە واقیعی باو، یان فیکرە وەک یەکەکانەوە هەیە، بەڵام بەشێکی لە بەزاندنی سنووری دیاریکراوەکانەوە هونەری خۆی دەنوێنێ! ئەو دێڕە شیعرانەی خوارەوە تەماشاکردنێکی نوێ بە ژیان دەبەخشێت، پێوەندییەکی دیکەی جیاوازە، ئاوڕدانەوەیەکی جیاوازە لە هەموو ئەو شتانەی پێیەوە ئاشناین، وەک چۆن تەگەرە بۆ خوێنەری باو دەسازێنێ:

**بیسەلێنم گرتنی مانگ لە نێو ئاودا سەراب نییە**

**ببینم ئاو بە ڕووتوقووتی،**

**بە پێ خاوسی،**

**بەسەر جەستەی پەرداغێک دێتە خوارەوە.**

### ڕووە جیاوازەکانی مانا

سەیر نییە کە هەموو ئەو مەسەلانەی پێوەندییان بە ماناوە هەیە، پێوەندییان بە ڕووە جیاوازەکانی ماناوە هەیە، وەک چۆن سەیر نییە هەموو ئەو مانایانە بکەونە نێو بواری ئەدەبی و مانای زمانەوانی و زاراوەیی و مانای دەستاودەستکردن و مانای فەلسەفی و...تاد. لێرەوە دەبینین مانا بەو بوارانە دەورە دراوە، مانای ئابلوقەدراو پێوەندییەکی ناوەکی لە نێو دەقدا دروست دەکات، هەموو ئەوانەش بەرەو ئەو بیرکردنەوەیەمان دەبات، کە تێگەیشتن و مانا هەردووکیان عەقڵ بەرهەمیان دەهێنێ، هەردووکیان وێنەی عەقڵین؟! بەڵام لە نێوانیاندا دەلالەت دەگۆڕێ، یان دەکەوێتە سەر لایەنی بەرپرس (قسەکەر - داهێنەر).

مانا بە گوتراوەوە دەلکێ و تێگەیشتن لە عەقڵەوە دێتە بەرهەم، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە تێگەیشتن لە مانا دابڕاوە، هەروەها بە هیچ جۆرێک بەو مانایە نییە، کە مانا لە عەقڵ دوورە(١٠)، لێرە ئەوە لایەنی بەرپرسە پێمان دەڵێت زمان جوولەی تایبەتە (تاکئامێزە)، واتە کەسی قسەکەر بەو مانایەی کە تاکێکە، ئەوە دەڵێ کە دەیەوێت. چۆمسکی(١١) دەڵێت: من قسە بە ڕستەیەک دەکەم، کە بەر لە من کەس قسەی پێ نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین، کە زمان فۆرمێکی گشتیشە (موڵکی گشتییە) ئەوەی من لە قسەکردن بە خاوەندارێتی دەبم، بە ڕاستی موڵکی گشتییە.

زمان فۆرمێکی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەو مانایەی کە بە کاری دەهێنی، سەرەڕای شێوازی تایبەتی من، بەر لەوەی مۆرکی "من"ی پێوە بێت، موڵکی کۆیە. من ناتوانم شتێ بڵێم تەنیا ئەوە نەبێ، کە یاسا و ڕێسای زمان ڕێگام پێ دەدات، بەڵام شیعر ئەوە دەڵێت:

**هەزار کون لە کراس و بیجامەکەم بووە و**
**کەچی هەر سەر ئاو نەکەوتم**
**من دەمەوێت کاتێ دنیا خەوتووە**
**لە پڕ سەر ئاو بکەوم و**

نائاشنابوون دەکەوێتە نێو پیسکردنی زمانەوە، دەکەوێتە دووتوێی زیادەڕۆییەوە، هەمیشە نائاشنابوون، پیسکردنی زمان لە سەر خوازەی دایک خۆی نوێ دەکاتەوە، هەمیشە زمانی داهێنان لە سەر خوازەی دایک کار دەکات، هەمیشە مرۆڤی داهێنەر بەر لەوەی بیر بکاتەوە، لە سەریەتی بڕیار بدات کەوا بە شێوەیەکی شاعیرانە لە ماڵی زماندا نیشتەجێیە، ئەو دێڕە شیعرانەی خوارەوە ئاوڕدانەوەیەکی هەستئامێزە لە هەموو ئەوەی کە هەیە، بەڵام لە بەدواداچووندا، لە تێڕاماندا چێژ بە خوێنەر دەبەخشێت:

**بۆچی ئاگات لە کۆنەکردنەوەی هەور و**
**تووڕەبوونی خەوی سپێدان نەماوە؟**
**بۆچی قرچە قرچی درزی شەقامی ئیمام نابیستیت؟**
**بۆچی قۆڕە قۆڕی سکی تەنیاییم**
**بە نێو لەپەکانت، لە گوێچکەکانت دوور دەخەیتەوە؟**
**ناترسیت من بڕژێم و**
**هەموو کۆشت پیس بکەم؟**

لە کاری داهێناندا ئەوە زمانە قسان دەکات، چونکە داهێنان پرۆسەیەکی ئاسایی نییە، لە پرۆسەی داهێناندا بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکەوێتە نێو خەیاڵی زمانەوە! لە پرۆسەی داهێناندا داهێنەر ئەوە ناڵێ کە باو دەیەوێت، بەڵکو باو تێدەپەڕێنێت، دەکەوێتە نێو ئازادی زمانەوە، دەکەوێتە نێو پانتاییەکانی مەعریفەوە، دەکەوێتە نێو بوێری داهێنانەوە، دەکەوێتە نێو چێژی تێڕامان و بەدواداچوونەوە، ئەوە زمانە قسان دەکات.

**هەزار کون لە دەم و لوتم بووە و**
**کەچی هەر سەر ئاو نەکەوتم**

مانا ناکەوێتە دەرەوەی شتەکانەوە، بەڵام شیعر مەرج نییە بکەوێتە نێو شتە باوەکانەوە، هیچ مانایەک لە دەرەوەی تەئویلەوە بوونی نییە، چ لە ڕێگای ناوکۆییەکی زانستییەوە بێ، یان کەسییەوە، مانا، یان لە ڕێی تەئویلی ناوکۆییەوەیە، یان بیروڕای فەردی و خودییەوە، بەڵام شیعر دەشێ هەموو ئەوانە تێپەڕێنێ، ئایا تەئویلی دەق گەڕانەوەیە بۆ بەرپرس، بۆ دانەر، بۆ داهێنەر، بۆ قسەکەر.

**پێڵاوە**
**پڕ**
**پڕ**
**لە سەفەرەکانم لە پێ کردەوە،**
**کەچی هەر سەر ئاو نەکەوتم.**

ڕاستییەکەی تەئویلی دەق گەڕانەوە نییە بۆ مەبەستی شاراوەی دانەر، نووسەر، بەڵکو بە دواداچوونی بزاڤی

مانا و گەڕانە بە دوای سەرچاوە دوورەکانی مانا، بەڵکو ئاوڕدانەوەیە لە کۆی ئەزموونەکان و کۆی مەعریفە بەدوایەکداهاتووەکانی مرۆڤایەتی! دنیابینی و بەرهەمهێنانی پرسیاری نوێیە لە دنیای نوێدا، نائاشنابوونە بەرانبەر ئاشنایی، تەئویلکردن، واتە پەخشکردنی ئامرازی نوێ لە نێوان مرۆڤ و دنیا، مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و دەق، ئەو ئامرازە نوێیەی کە گوتار دەیخاتە ڕوو، ئەو هەموو نائاشناییەی کە شیعر بەرجەستەی دەکات، هەڵبژاردنی گۆشەیەکی نوێیە بۆ تەماشاکردن:

**هەزار کون لە هەناوم بووە و**
**کەچی هەر سەر ئاو نەکەوتم،**

ئەوەی دەبێ لەو قەسیدەیە لێک جیاکردنەوەی بۆ بکرێت، مانا و ڕووەکانی مانایە، ئەوەی دەبێ لەو قەسیدەیە لێک جیاکردنەوەی بۆ بکرێت، مانای جیاوازی ڕاستی و دیاردەی جیاواز و ڕووی جیاوازە، بە بڕوای من ئەوەی زۆرترین نائاشنابوون، خوازە، زیادەڕۆیی، خەیاڵ بەو قەسیدەیەی دەبەخشێت ڕووی جیاوازی مانایە، هەمیشە ڕووی جیاواز زۆرترین سەربەخۆیی هەیە، هەموو ڕوویەکی سەربەخۆ نوێنەرایەتی شێوازێکی سەربەخۆی داهێنان دەکات، هەموو ڕوویەکی جیاوازی مانا هەر تەنیا پێوەندی بە شتەکانەوە نییە، بەڵکو پێوەندییەکی دەلالی تایبەتی بە خودی خۆییەوە هەیە، هەموو ڕوویەکی سەربەخۆ هەوڵ دەدات جەخت لە خۆی بکاتەوە، هەموو ڕوویەکی سەربەخۆ دەتوانێ بە ئازادی مامەڵە بکات و هەندێ جاریش تەماوی خۆی نیشان دەدات، ئەوەی زۆر شاعیرانە دەکەوێتە سەربەخۆیی، ڕووەکانی مانایە، ئەوەی زۆر شاعیرانە دەکەوێتەوە، گومان دەخاتە نێوان پێوەندییەکان و بۆشایی دەخاتە نێو بەدواداچوونی چێژی باو لە پێناو چێژی ناباودا:

**هەزار کون لە ڕۆیشتنم بووە و**
**کەچی هەر سەر ئاو نەکەوتم.**

ئایا ئەوەندە بەس نییە پێشبینی بۆ ڕووەکانی مانا بکەین؟ هەتا ئێستا زانستی زمانەوانی هەرچەندە ئەرکی زۆری کێشاوە، کەچی هیچ وشەیەکی جیاکەرەوەی لەو بابەتەدا نییە(١٢)، بەشێکی زۆر لە تێگەیشتن بۆ مانا، لە شیکردنەوەی دەلالەتی ڕستەوە سەرچاوە دەگرێت، وەک ئەوەی بچووکترین یەکەی گوتارە، بەشێکی زۆری تێگەیشتن بۆ مانا و ڕووەکانی مانا پێوەندی بە سەرچاوە جیاوازەکانەوە هەیە، لێرە مانا دەکەوێتە دەرەوەی زمانەوە، ئەوەش یەکێکە لە بیرکردنەوەکان، ئەگەرچی من لەگەڵ ئەو شێوە بیرکردنەوەیە نیم، ئەو بیرکردنەوەیە وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، هەمان بیرکردنەوەی ئەفلاتوونە، ئەو بیرکردنەوەیە پێی وایە مانا بابەتخوازی و ئایدیالییە، پێوەندی بە ناوەڕۆکی مەعریفەی عەقڵییەوە نییە، وەک چۆن پێوەندی بە نیشانە زمانەوانییەکانەوە نییە، ئەو بیرکردنەوەیە پێی وایە ئەوە سەرچاوە جیاوازەکانی مانایە ڕەفتاری تەئویلی لە نێو دەقدا ڕێک دەخات! لێرەوە وشەی مانا دەکەوێتە نێوان کۆمەڵێک سیفات، بۆ نموونە مانای شاراوە، ناوەکی، دیار، قووڵ، حەرفی، دەروونی، بۆیە قسەکردن لە پێناسەکردنی مانا، کەمتر نییە لە قسەکردن لە سەر داهێنان و زۆرترین ئەگەر لە خۆ دەگرێت.

## بە کورتی

دەقی (ناوەڕاستی دنیا)ی شاعیر تەیب قادر، دەقێکی ئەبستراکتە و هێزی خۆی لە ڕووە جیاوازەکانی مانا و مانای نائاشنادا دەبینێتەوە، نەک وێنەی شیعری، شێوازی داڕشتنی ستوونییە و دەنگ و تیشکی وشە بە ستوونی دادەبەزێت! هەموو ئەوانە ئەگەرچی لە سەرەتادا خوێنەر دووچاری کۆسپ و تەگەرەی بە دواداچوون دەکات، بەڵام چێژێکی نوێ و جوانییەکی جیاواز و بینینێکی تازەی لەخۆدا هەڵگرتووە.

لەو دەقەدا نائاشنابوونی مانا دەکەوێتە نێو پیسکردنی زمانی باوەوە، نائاشنابوون، پیسکردنی زمانە و پیسکردنی زمانیش لە سەر خوازەی دایک خۆی نوێ دەکاتەوە، ئەو نائاشناییە هەڵبژاردنی گۆشەیەکی شاعیرانەی نوێیە بۆ تەماشاکردنی دنیا و مرۆڤ، بۆیە لە تێڕامانا بینینی نوێی خوێنەر گرنگە، بینینی نوێی مرۆڤ و دنیا، مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و دەق.

دواجار ئەوەی لە شیعری تەیب قادر دەبێ لێک جیاکردنەوەی بۆ بکرێت، هەر مانای نائاشنا نییە، بەڵکو ڕووەکانی مانایە، مانای جیاواز و دیاردەی جیاواز و ڕووی جیاواز، چونکە ئەوە ڕووی جیاوازی مانایە زۆرترین سەربەخۆیی و زۆرترین خوێندنەوە لەخۆ دەگرێت.

پەراوێزەکان:

١- ڕۆلان بارت Roland Barthes 1915-1980 بە یەکێک لە ڕەخنەگرە گەورەکانی فەرەنسا دەژمێردرێت، نووسەر لە دانەر جیا دەکاتەوە، ئەوەش ڕاستەوخۆ پێوەندی بە زمانی فەرەنسییەوە هەیە، لە زمانی فەرەنسی نووسەر سەر بە دنیایەکی داخراوەو بە وەزیفەی نووسینەوە بەندە، بەڵام دانەر فرە مانایە و سەر بە دنیایەکی کراوەیە، هەمیشە داهاتووی بەلاوە گرنگە، دانەر لە ناوەوەی خۆی ئاڵای پەیامبەرێتی هەڵگرتووە.

٢- لالاند، موسوعة «encyclopedia - دائرە معارف» الفلسفية، تعريب خليل احمد خليل، بيروت- باريس، منشورات عويدات، ط٢، ٢٠٠١، ص٢٢٧٢.

٣- گۆتلۆب فریگە فەیلەسووفی ئەڵمانی (١٨٤٨-١٩٢٥) بە یەکێک لە گەورەترین لۆجیکناسی سەردەمی مۆدێرنە ناسراوە، لەگەڵ فیتگنشتاین فەلسەفەی شیکارییان دامەزراندووە.

٤- ئیدمۆند هۆسرەڵ لە ٨ی نیسانی ١٨٥٩ لە ئەڵمانیا لەدایک بووە و لە ٢٦ی نیسانی ١٩٣٨ کۆچی دوایی کردووە. یەکێکە لە دامەزرێنەرانی دیاردەگەرایی و کاریگەری لەسەر هەر یەک لە ماکس شیلەر و سارتر و لیفیناس هەبووە و بە مامۆستای هایدگەر ناو دەبرێت.

٥- (برتراند ڕاسڵ ١٨٧٢-١٩٧٠) فەیلەسووفی بریتانیا بە یەکێک لە بە ناوبانگترین بیرکاریناس و لۆجیکناس و زمانناسی ناسراوە، لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەر لە دایک بووە و باپیرەی دوو جار سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی بریتانیای پێ سپێردراوە، لە زانکۆی کامبردج بیرکاری خوێندووە، زۆر بە ئەکلیدس و جۆن ستیوارد مل کاریگەر بووە، وەک چۆن بە هیگڵ کاریگەر بووە، بۆ چارەسەری گیروگرفتە فەلسەفییەکان، پشتی بە عەقڵییەتی بیرکارییانە بەستووە و زانست بە گۆڕەپانی چالاکییە فەلسەفییەکان دادەنێت، پێی وایە فەلسەفە دەبێ ئەو کێشانە چارەسەر بکات کە زانست پێی گەیشتووە، فەلسەفە دەبێ ڕێگا بۆ زانست خۆش بکات. بەرهەمەکانی ڕاسڵ (٧١) کتێبن و زۆربەیان لە بارەی بیرکاری و لۆجیک و زانست و ئاکار و سیاسەتن.

٦- ئەفلاتوون Plato 348-428 پ. ز.

٧- نیازخوازی یان نیازگەرایی (Intentionality) بە بنەمای مەعریفی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیا دەژمێردرێت، خاڵی سەرەتایی ئەو فەلسەفەیە. نیازگەرایی هەموو کردەیەکی ئاگامەندی (شعوری) مرۆییە، ئاگامەندییەکی نیازخوازانەیە، واتە مرۆڤ نیازیەتی کە درک بەو شتە بکات، بۆیە هەمیشە ئاگامەندی، ئاگامەندی بووە بە شتێ، نیازی ئەو ئاگامەندییەش بۆ خودی شتەکەیە. لە ڕێگای ئەو پێناسەیەوە دەگەینە ئەوەی کە هەموو شعوورێک، درککردنێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام دەبێ بزانین کە ئەو نیازخوازییە، نیازخوازییەکی ویستخوازانە و تایبەت بە مرۆڤ نییە، بەڵکو تایبەتە بە تیوری ئەبستمۆلۆژیاوە.

٨- تحليل المعني، مقاربات في علم الدلالة، الدكتور صابر الحباشة، ط١، ٢٠١١، عمان، دار ومكتبة الحامد للنشر، ص٤٣.

٩- سوکرات (٣٨٩-٤٧٠ پ.ز) یەکەم کەسە هەردوو وشەی فەلسەفە و فەیلەسووفی بەکار هێناوە.

١٠- تحليل المعني، مقاربات في علم الدلالة، الدكتور صابر الحباشة، ط١، ٢٠١١، عمان، دار ومكتبة الحامد للنشر، ص٤٣.

١١- چۆمسکی، ئەفران نعوم چۆمسکی: یەهوودییە و لە فلادیلفیای بنسلفانیا ٧ بەفرانباری ١٩٢٨ لە دایک بووە، زانستی زمان و بیرکاری و فەلسەفە خوێندووە و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٥ پلەی دکتۆرای لە زانکۆی بنسلفانیا بە دەست هێناوە، دواتر چەندان پلەی دیکەی دکتۆرای لە زانکۆ جیاجیاکانی دنیا بە دەست هێناوە.

١٢- تحليل المعنى، مقاربات فى علم الدلالة، الدكتور صابر الحباشة، ط١، ٢٠١١، عمان، دار ومكتبة الحامد للنشر، ص٤٤.